# مۆبایل هۆکارێکی سەرەکی رووداوە دڵتەزێنەکانە



ئومید محەمەد سالح

زۆرن ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی دروستبوونی رووداوی ئوتومبێل، بەڵام لە بیست ساڵی دوایی هۆكارێكی تر هاتۆتە كایەوە و بووەتە مایەی دروستبوونی هەزاران كارەساتی دڵتەزێن، ئەو هۆكارەش بە كار هێنانی تەلەفۆنی گەرۆكە (مۆبایل) لەكاتی هاژووتنی ئوتومبێل .

لەبەر ئەم هۆیەش، ئێستا زۆر كۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئوتومبێل سەرقاڵی ئەوەن كە لە نەخشەسازی بەرهەمەكانیان تەكنەلۆژیای نوێ بەكاربهێنن تاوەكو شوفێر راستەوخۆ پێویستی بە بەكارهێنانی مۆبایل نەبێت .



ئێستا زۆر لە كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنەری ئوتومبێل وەک مارسیدس و ساب و ئۆدی ..... ئەم تەكنەلۆژیایە وەک بەشێک لە دیزاینی بەرهەمەكانیان دادەنێن.

هەروەها زۆر كۆمپانیای جیهانی بەرهەمهێنی ئامێری مۆبایل وەكو نۆكیا و مۆتۆرۆلا و ئەم تەكنەلۆژیایەیان پەرەپێداوە تا وەكو شوفێر بە بێ ئەوەی راستەوخۆ مۆبایلەكەی بەكار بێنێت، كارەكانی ئەنجام بدات. ئەم تەكنەلۆژیایە بریتیە لە بۆكسێک لەناو ئوتومبێل دادەنرێت و بەشێوەی شەپۆل كاردەكات نەک بەهۆی وایەر، بە رادیۆی ئوتومبێلەكە دەبەسترێتەوەو مایكێک لەنزیک كورسی شوفێر دادەنرێت و پێویست ناكات شوفێر دەست بۆ ئامێرەكەی ببات و دەتوانێت قسەبكات و دەستەكانیشی لەسەر سوكانی ئوتومبێلەكەی بێت.

گومان لەوە دانیە مۆبایل ئامێرێكی بەسوود و گرنگە بۆ شوفێرەكان، چونكە شوفێر لەكاتی قەرەباڵغی رێگاوبان دەتوانێت بە مۆبایل بازرگانی بكات و ئاگاداری كرین و فرۆشتنی پشكەكان (رسهم) بێت لە بۆرسەكان و داوای فریاكەوتن بكات و ئەگەر ئوتومبێلەكەی لەكار كەوت پەیوەندی بە فیتەرەكان بكات و ئاگاداری باری خێزان و برادەرەكانی بێت.

ئەمەو سەرەرای زۆر سوودی تر، بەڵام بەپێی ئامارەكانی جیهانی ، زۆربەی ئەنجامدەرانی ئەو ئامارانە كۆكن لەسەر ئەوەی كە (50%)ی رووداوەكان، هۆكارەكەی دەگەرێتەوە بۆ بەكارهێنانی مۆبایل لە لایەن شوفێرەكانەوە، بێگومان ئەم ئامارانە بووەتە جێگای مەترسی لایەنە پەیوەندارەكان، هەربۆیە زۆربەی وڵاتان بەكارهێنانی مۆبایلیان لەكاتی هاژووتنی ئوتومبێل قەدەغە كردووە و سزای قورسیشیان

بۆ سەرپێچیکاران داناوە.
هەندێک لێکۆڵینەوەگەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو شوفێرەی لەکاتی هاژووتنی ئۆتومبێل مۆبایل بەکار دەهێنن، زەین و تەرکیزی هەروەکو ئەو شوفێرەیە کەلەژێر کاریگەری ئەلکهول دایە.
قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایل کاردانەوەیەکی پۆزەتیفی لەسەر کەمکردنەوەی ڕووداوەکان هەیە :
ئامارەکان وارادەگەیەنن، کەلەو وڵاتانەی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی مۆبایل لە شوفێرەکان قەدەغە کراوە، ڕێژەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، ئەمەی خوارەوەش ئاماری هەندێک وڵاتی جیهانە لەگەڵ سزای سەرپێچیکاران.

**یابان :**
لەساڵی 1999 لە یابان قەدەغەکردنی بە کارهێنانی ڕاستەوخۆی مۆبایل پەیڕەوکرا، بەڵام ڕێگا دراوە بەبێ هەڵگرتنی ئامێرەکە بەدەست قسە بکرێت.
سزای سەرپێچیکاران دەگاتە سێ مانگ بەندکردن و چوار هەزار دۆلاری ئەمریکایی .
ئەم یاسایە وایکرد بۆ ساڵی (2002) ڕێژەی (52%) ڕووداوی ئۆتومبێل کەمببێتەوە و ژمارەی ڕووداوەکان بووە (1300) ڕووداو، وەرێژەی ڕووداو بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل گەیشتە (20%) و لەو ساڵە تەنها (20) ڕووداو بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل ڕوویدا.

**ئەڵمانیا :** .
لە ئەڵمانیا بەکارهێنانی مۆبایل لە شوفێرەکان قەدەغە کراوە، یەکەمجار سەرپێچیکار بە بڕی (100) سەد دۆلار سزا دەدرێت و ئەگەر شوفێرەکە دووبارەی کردەوە، مۆڵەتی شوفێری لێ دەسەندرێتەوە.
بەپێی ئاماری فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەڵمانی ڕووداوەکان بەرێژەی (20 - 30) کەمبووەتەوە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: .**
ئەوەی جێگای سەرنجە، لەماوەی دواییدا لە هەندێک ویلایەتی ئەمریکا وەکو نیویۆرک و فلۆریدا و ئالانۆی، یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایل بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە شوفێران دەرچوو، بڕی پارەی سزا دەگاتە (150) دۆلار، ئەم یاسایە وایکرد ڕێژەی ڕووداوەکان بە (30%) کەمببێتەوە. پارساڵ (13000) سێزدە هەزار حاڵەت لە نیویۆرک تۆمارکراوە و سزا دراون. ئێستا هەژدە ویلایەتی تر سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەن.

**ئوستراليا :** .
لە ساڵی (2000) وە یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مۆبایل لە لایەن شوفێرانەوە پەیڕەوکراوە، بڕی پارەی دیاریکراو بۆ سەرپێچی دەگاتە (100) دۆلاری ئەمریکی. بەپێی ئاماری یەکەی توێژینەوەی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ڕێگاوبان تەنها (2%) ی شوفێرەکان سەرپێچی ئەم بڕیارەیان کردووە.

**بەلجیکا :** .
لەساڵی (2000) بەکارهێنانی مۆبایل لە شوفێران قەدەغەکرا، سزای سەرپێچیکاران لە (50) دۆلار بەرزدەبێتەوە بۆ (250) دۆلار.
بەپێی ئامارەکان، ڕووداوەکانی ڕێگاوبان بە (75%) بەرزدەبێتە وە، ئەگەر بێت و شوفێرەکان مۆبایل بەکاربێنن، بەڵام پابەندبوونی شوفێرەکان وایکردووە ڕێژەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو نزم ببێت.

چەند ئامۆژگارییەک بۆ شوفێران : .
1. ئامێرەکەت باش بناسە و لێی شارەزابە.
2. هەڵگری ئامێر بەکاربهێنە.
3. گەیشتن بە ئامێرەکەت ئاسان بێت.
4. لەکاتی سەرقاڵی هاژووتن و کەش و هەوای نالەبار مۆبایل بەکارمەهێنە.
5. لەکاتی هاژووتن نووسین مەکە و هەوڵ مەدە ژمارەی تەلەفۆن لە ئامێرەکەت دەربێنیت.
6. هەوڵدە لەکاتی ڕاوەستانت پەیوەندی بکەیت نەک لەکاتی دەرچوون و جووڵە.
7. لەکاتی پەیوەندیکردن هەوڵ بدە نەکەویتە قسە و باس و وتووێژی توندوتیژ کەوات لێکات زەینت بڕوات و ئاگات لە هاژووتن سست ببێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە هەموو شوفێرەکان مەترسی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی مۆبایل، دەرکی پێبکەن و خۆیان لێدوور دەکەنەوە، هیواداریشم وەزارەتی ناوخۆ پرۆژە یاسایەک پێشکەش بە پەرلەمان بکات و سزای قورس لەسەر شوفێرانی سەرپێچیکار دابنێن تا گیانی هەموو لایەک نەبێتە قوربانی سەرکەشی هەندێک لە شوفێرەکان، کە ژمارەیان بێگومان لە کۆمەڵگای ئێمە زۆرە.

سەرچاوەکان :
www.kifee.com
www.alshargalawsat.com